# حكمەت خەوتووە، تەبەریش بێدارا!

**کەیهان عەزیز**
kayhanaziz@maktoob.com

چەند رۆژێك بەر لەئێستا، ووتاری (هاوولآتی یان پراڤدا) م، نووسی. بەدوای ئەوەدا لەرێگای میدیا ( نەك پراڤدا (هاوولآتی) وە ! ! هەوالّی داوای پەنابەری مەلا پرۆلیتار (کرێکار) م، لە هوّلّەند، خوێندەوە.

پێم سەیر بوو! کەسانێك فەتوای کووشتن وتیرۆری خەلّك وکەسایەتی یە ئاتەیست وچەپ و ئازادەکان بدەن و بووبێتنە هوّی ئاوارەبوونیان وئێستایش (لەبەرگی مەڕدا) داوای پەناهەندەیی بکەن!.

بەرلە تیروری فەرهاد فەرەج، کۆمیتەی (ئەنتی تیرۆر و بەرگری لەئازادیەکان) م لەهوّلّەنددامەزراند. سەرەڕای بێبڕواییم بە خەلّکە حیزبیە، دووگم و ڕۆبۆتەکانی لەچەشنی ئەوانەی لای خۆمان بەچەپ و ڕاستیانەوە!، کسێکی بەناوچەپی حیزبی، کەفریوی هونەرمەند بوونیم خواردبوو! واخۆینیشان دەدا، کەحیزبەکەیشی وەك خوّی موّدێرنەو ئەو خەفەقان وبوحران ودەبێت دەبێتانەی کە حیزبۆکە کارگەریەکەی، رۆژتائێوارە خەلّکی پیّ هەراسان کردووە، شتێك جگە لە دروشمە تاکتیکیەکانی نیەو ! !، حیزبوکەکەشی (خوّی ئاسا) چەندین کەسی موّدێرن و ناسك ی تێدایە !.

ناوبراو هەلّسا بەدانانی ئادرەس (Email) لێك بۆ کۆمیتەکە، جارجارەبەشەرمەوە، داوای ئادرەس (Email) کەم لیّ دەکرد!، ئەویش بەقەولی فارسان تەفرەدەرۆیشت !تا بەبۆنەی هەلّبژاردنی شارەوانیەکان، سوکە ڕەخنەیەکم ئاراستەی حیزبۆکەکەی کرد، ئیدی بۆتاهەتایە (password) ی (Email) ی کۆمیتەی ئەنتی تیرۆروبەرگری لەئازادیەکانی، ئازادا (مافیا) نە، لیّ تیرورکردم !وگوومانی ئەنتی حیزب بوونمی بۆ هەمیشە ڕەواندەوە!.

ئەگەرێمەوە بوّ هەوالّی داوای پەنابەری مەلا پرۆلیتار (کرێکار) ) لەهوّلّەند، کەبەحوکمی لێپرسراوی کۆمیتەی ( password ) دزراوی ئەنتی تیرور!، چەند دۆستێکم پرۆژەی کۆکردنەوەی ئیمزایان دژی پەنابەری ئەو بوّ ناردم، تا هوّلّەندیش (وەك کوردستان) بەبوونیان گلآوەنەبیّ، کەمنیش بەوانم گوت پێویست ناکات بیدەن بەنوێنەری هەفتەنامەی هاوولآتی !چونکە ئەوان هیچ کەچەپ نەماون، بگرە گەربزانن پرۆژەیەکی وا وجودی هەیە، دوورنیەلەبەرامبەریدا، ئاکسیۆن وئیمزای بەرگری لەمافی پەنابەری (مەلا) کۆبکەنەوە!، ئەوە بوو پێویستی بەوکارەش نەکردو، هولّەندیش زوو پشتی کردە داواکەی.

## لەنێوان ئیحسان تەبەری ومەنسوری کارگەریدا!

تاشیعرو نووسراوەئەدەبی وتیئوریەکانی ئیحسان تەبەری م، (صدای شاعر، ازمیان ریگ هاو الماس ها، دیدارهایم با صادق هدایت، نیمافاتح قلعە وزن وقافیە. . . .) نەخوێندەوە، نەمزانی مەنسووری حچمەت، چەند بێسەوادە!. لەحیزبەکەی حکمەتا، تەنها مرۆڤێکی ئەدیب وخوێنەوارووهەست ناسکی تیا بوو، (نادربکتاش) کە زۆرکەمتربەزمانی، مەحکوم ودەبێت دەبێتی حیزبۆکە کارگەریەکەی دەینووسی، کەچی ئەویش وازی هێناو تەلآقیدان !ئاخر کێی تر، شك بەرم لەناویاندا تا بەزمانی داپناسوری مەلاپرولیتار (کرێکار) قسان نەکات!

کیّ شك بەرم لەنیویاندا تا بەزمان وهەست ولۆژیکی تەبەری، نەك بەزمانی (خەفەقان وبوحران و دەبێت دەبێت) قسان بکات؟ کێیان شك بەرم تا شیعرە ناسك وقوولّەکانی تەبەری دەرك بگات؟ !، لەوانەیە پاش بلآوبوونەوەی ئەم ووتارە، کۆمەلّێك قەلّەم وەشێنی ئەوحیزبۆکەیە (هەریری ئاسا) ، لەتاوانی بەرگریکردن لە پاکانەچیەکی وەك ( تەبەری) وەلآمم بدەنەوەو بکەونە بەرگری لە مەوجودیەت وحەققانیەتی جنبشی عەزیمی دەمەقاچان !، وەلیّ من ڕێیان بوّ کورت دەکەمەوەودەلّێم، گەرئیحسان تەبەری، لەبەرانبەر راسپۆتینێکی وەك بەهەشتی یان جەلادێکی وەك لاجوردیدا بەزۆری ئەشکەنجە، کەمی هێنابیّ وچوّکی دابابیّ!، ئەوا تاهیرحەسەن و سامان کەریمی تەڕەلیدەر، نەك لەزیندانی ئەوین، بگرە لەمەلّبەندی ( 1 ) سلێمانی، تەنها بەسووکە هەڕەشەیەك وبەبی هیچ ئەشکەنجە یەك ئیمزای پاکانەوئاشبەتالّیان کرد !درودو

مۆمێکی ڕۆشن بۆ تەبەری مرۆڤ، تەبەری ازمیان ریگ هاو الماس ها، تەبەریەك کەتەنها زمانی دەسکەوان ودەمەقاچان و بوحران وخەفەقانی نەدەزانی!

Denbosch
26-02-2003

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003